کوردستان بەمۆ
یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی عێراق:

# ئاواتەخوازم لە کوردستان و عێراقدا مێژوویەکی مەزن بنووسمەوە

شاری سلێمانی هەموو کات بەوە ناوی دەرکردووە کە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان پێشەنگ بووە لە دروستکردنی چەندین یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بگرە لە عێراقیش، یانەی پێشمەرگەی سلێمانیش یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام لە هەموو ئاستەکانی تەمەن هەوڵی پێگەیاندنی یاریزانانی داوە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش (کوردستان بەمۆ)یە، کە ماوەیەکە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان بەتایبەت لە ١٠٠م بەربەست توانیویەتی چەندین ریکۆرد لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان بشکێنێت و بەناوی خۆی تۆماری بکات. ئەم یاریزانە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٢ی شاری سلێمانییە و یاریزانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و هەڵبژاردەی عێراقە لە یاری ١٠٠م بەربەست، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



***لە نێوان ئەم هەموو یارییەدا چۆن بوو بە یاری گۆڕەپان و مەیدان ئاشنا بوویت؟**

- لە تاقیکردنەوەی پەیمانگەی وەرزشیی سلێمانی بۆ وەرگرتن وخوێندن لەم پەیمانگەیە کە تاقی کرامەوە، هەر لەوکاتەوە ڕاهێنەری یانەی سیروانی نوێ دکتۆر سیروان حامد کە منی بینی و گفتوگۆی لەگەڵ کردم، گوتی تۆ بۆ یاریی گۆڕەپان و مەیدان باشی، ئیدی لەو کاتەوە منیش هاتمە نێو ئەم یارییە.

***هەست ناکەی ئەم یارییە بۆ کچان قورسە؟**

-بەڵێ، زۆریش قورسە، بەڵام کە یاری ئەنجام دەدەم، چێژی لێ وەردەگرم.

*** بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی کوردستان ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینی؟**

-ئاستێکی بەرزی هەیە، چونکە یاریزانە کوردەکان خاوەن چەندین نازناو و ژمارەی پێوانەیین لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بەڵام بەهۆی نەبوونی پاڵەوانێتیی کوردستان لەم ساڵانەی ڕابردوودا، کەمێك یاریزانان سارد بوونەتەوە.

*** بە ڕای ئێوە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە لە کوردستان، پێویستە چی بکرێت؟**

- پێویستە هەموو ساڵێك پاڵەوانێتی ئەنجام بدرێت، لەگەڵ دروستکردنی یاریگا بۆ ئەم وەرزشە، جگە لەوەش ئاشناکردنی خەڵك بەم وەرزشە گرنگیی خۆی هەیە.

***بۆچی یانەی سیروانی نوێت جێهێشت؟**

-بەهۆی نەگونجانم لەگەڵ ڕاهێنەر وازم لەو یانەیە هێنا و ڕووم لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کرد، خۆشبەختانە بەوپەڕی ڕێزەوە پێشوازییان لێ کردم.

*** وەکو یاریزانێك باشترینی ئەو ئەنجامانە چین کە تائێستا بەدەستتهێناون؟**

- لەم یارییەدا خاوەنی چەندین نازناوم و لەسەر ئاستی عێراق لە یاری ١٠٠م بەربەست پلەی یەکەم بەدەستهێناوە، یاریزانی ٢٠٠م و١٠٠م لە ئاستی تازەپێگەیشتووان، هەروەها توانیم ببمە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و بەشداریم لە چەندین پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتیدا کردووە، لە یاریی ١٠٠م بەربەست ئاستی تازەپێگەیشتووان ڕیکۆردم شکاند، کە پێشتر بە ناوی (تمارا شاکر) بوو، چەندین جاری دیکەش لە یانەکانی عێراق ریکۆردم شکاندووە، ئەویش بە هەوڵ و ماندووبوونی ڕاهێنەرەکەم مامۆستا زەردەشت ڕەفیق.

***لەئێستادا وەکو یاریزانێك بەرنامەت بۆ داهاتووت چییە؟**

-هیوادارم بتوانم چەندین نازناوی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنم و ریکۆردەکانی عێراق لە یاری ١٠٠م بەربەست لە هەموو ئاستەکان بکەم بە ناوی خۆمەوە، ئاواتەخوازم لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستان و عێراقدا مێژوویەکی مەزن بۆ خۆم بنووسمەوە.

*** لەم یارییەدا چ کێشەو گرفتێکتان هەیە؟**

-وەکو یانە هیچ کێشەیەکمان نییە و هاوکاریی باش دەکرێن.

***ئایا خوێندن نابێتە ڕێگر لە وەرزشکردنت؟**

-نەخێر، بەڵکو پاڵپشتمە، چونکە لە پەیمانگەی وەرزشیم کە هەمان بابەت و پسپۆریی خۆمە.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکار و پاڵپشت بوون؟**

-خانەوادەکەم زۆر پاڵپشتیم دەکەن، بەتایبەتی دایکم، چونکە ئەگەر ئەو نەبوایە نەمدەزانی وەرزش چییە، شانازی بە خێزانەکەمەوە دەکەم بۆ ئەو گەورەییەی بەرامبەر من دەیکەن.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە ئەم هەلەی بۆ ڕەخساندم، دەستخۆشیتان لێ دەکەم و نموونەتان زۆر بێت.






# چەند یانەیەک داوای گۆڵپارێزە کوردەکەی هەڵبژاردەی عێراق دەکەن

هەموو ساڵێك بەر لە دەستپێکردنی خولەکانی کوردستان، یانەکانی کوردستان بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بەدوای یاریزانانی ئەستێرە و بەتوانادا دەگەڕێن، هەتا لە ریزی یانەکانیان یاری بکات، تیپی فوتساڵی کچانی یانەکانی کوردستانیش ساڵانە بەر لە دەستپێکی خولەکان کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانا پەلکێشی ریزی یانەکەیان دەکەن، بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە و کێبڕکێکردن لەسەر نازناوی خولی کوردستان. خەڵات ئەسعەد گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی فوتساڵ و فوتبۆڵی عێراق و یاریزانی وەرزی رابردووی یانەی سێمێل، ئەم وەرزە چەند یانەیەك داوای گرێبەستیان لێ کردووە، بەڵام ئەو جیاواز لەوەی کە سنووری قەزای ئاکرێ شوێنی نیشتەجێبوونیەتی، گرێبەستی لەگەڵ یانەیەکی سنووری پارێزگای هەولێر مۆر کرد، بۆ یاریکردن لە خولی فوتساڵی کچان، لەم بارەشەوە خەلات ئەسعەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەموو ساڵێك لەگەڵ دەستپێکی خولەکان من گرێبەستم پێشکەش کراوە، ئەم وەرزەش بە فەرمی لەگەڵ یانەی چۆمان یاری دەکەم، هۆکاری هاتنیشم بۆ ئەو یانەیە بە هۆی راهێنەری یانەکە و خوێندنمە لە شاری هەولێر، بۆیە یانەی چۆمان باشترین تیپ بوو کە من حەزی یاریکردنم لەو یانەیە هەیە، وەرزی رابردووش بەهۆی خوێندنم لە شاری دهۆك لەگەڵ یانەی سێمێل بووم»، لەبارەی داواکردنی یانەکانی دیکەش گوتی:»چەندین گرێبەستم بۆ هاتبوو، هەریەك لە یانەکانی ئافرەتانی هەولێر و زێرەڤانیش داوای یاریکردنیان لێم کرد، بەڵام بە هۆی مامۆستا مەزنەوە یانەی چۆمانم هەڵبژارد و گرێبەستەکەشم بە شێوەی مانگانە و مووچەیە، ئێستاش لە ریزی یانەی چۆمان زۆر ئاسوودەم و دەمانەوێ لە خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان لەگەڵ ئەم یانەیە ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین، خولەکانی کوردستانیش ساڵ بۆ ساڵ ئاستیان باشتر دەبێت و یانەکان زیاتر هەنگاو بۆ ئەنجامی گەورە دەهاوێن، ئێمەش کە هاتوینەتە ریزی یانەی چۆمان ئامانجمان ئەوەیە لەگەڵ ئەم یانە خۆشەویستە مێژوویەك بۆ خۆمان و بۆ یانەکەش تۆمار بکەین، ئێستاش بەردەوامم لەگەڵ هەڵبژاردەی فوتساڵ و فوتبۆڵی عێراقی».



# بێریڤان جەلال لەبەر خۆشەویستیی بۆ شارەکە هەڵەبجەی هەڵبژارد



تیپی فوتساڵی کچانی هەڵەبجە ئەمساڵ لە خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان چاوی لەوەیە بە ئاست و بە ئەنجام دەربکەوێت، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەڵەبجە لە هەوڵی ئەوەدایە بە ئاست و بە ئەنجام کێبڕکێی بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەی خولەکە بکات، بۆ ئەم مەبەستەش کارگێڕیی یانەی هەڵەبجە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ یەکێك لە باشترین یاریزانەکانی فوتساڵ لە کوردستان مۆرکردووە، ئەویش بێریڤان جەلال_ی یاریزانی پێشووی یانەی سیروانی نوێیە، بێریڤان ساڵانێکە لەگەڵ تیپەکەی مامۆستا عەباس یەکێك بووە لە باشترینەکانی کوردستان، ئەمساڵیش بە فەرمی ریزی یانەکەی جێهێشت، لەم بارەشەوە بێریڤان جەلال بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ تیپەکەی مامۆستا عەباس بەبێ گوێدانە لایەنی ماددی و هیچ بەرژەوەندییەك لە وەرزشکردن بەردەوامم، هەڵبەتە ئەمە بۆ هەموو تیپەکە راستە، تەنانەت دووساڵ پەیوەندیمان بە هیچ یانەیەکەوە نەبوو، لەسەر گیرفانی خۆمان هاتوچۆ و مەشقمان دەکرد و زۆر ئاسوودە بووم لەگەڵ تیپەکە، بەڵام هەندێ بارودۆخ وایکرد ئەم وەرزە نەتوانم لەگەڵیان بەردەوام بم»، گوتیشی: «ماوەیەکی زۆرە یانەکان و راهێنەران لە خولی کوردستان هەوڵیان داوە یاری بۆ یانەکانیان بکەم، بەڵام وەکو وەفایەك بۆ ماندووبوونی راهێنەرەکەم و دڵسۆزیی تیپەکەم، نەمتوانیوە ئەوە قبووڵ بکەم و بچمە هیچ یانەیەکی دیکە، بەڵام هەر لە خەیاڵمدا بووە کە تا توانام هەیە و بتوانم خزمەتێك بە شاری هەڵەبجە بکەم، ئەو خزمەتەشم هەر لە یاریکردنم بۆ یانەکە دەبینییەوە، من پێش ئەوەی دانیشتووی ئەو شارەش بم، عەتفێکی زۆرم بۆ ئەو شارە هەبووە و وا دەزانم تاك بە تاکی کورد قەرزاریەتی، بۆ ماوەی چوار ساڵ خەریکی خوێندن بووم لەم شارە، بەوەش زیاتر وەفا و خۆشەویستیم بۆ شارەکە و خەڵکی شارەکە لە لا دروست بوو، لە راستیدا ئەوانیش ساڵانێك بوو، چاوەڕێ بوون، بۆیە ئەمساڵ بە فەرمی پەیوەندیم بە یانەی هەڵەبجەوە کرد، ئەوەش ناشارمەوە ئەوەی ئەوان بۆ منی دەکەن، رەنگبێت لە یانەیەکی دیکە چەند بەرامبەریشم بۆ بکرێت، بەڵام خۆشەویستم بۆ ئەم شارە وایکردووە ئەم وەرزە لەگەڵیان بم و بڕوام وایە ئەوانیش درێخی ناکەن لە پێشوازی و خزمەت، بە هیوای ئەوەم بتوانم لەگەڵ ئەو یانەیەش ئەنجامی باش و ئاستی باش پێشکەش بکەین.»




# رۆژگار زرار گۆڵکاری یانەی SV Würmla نەمسایە

رۆژگار زرار یاریزانی کوردی تاراوگە لە وڵاتی نەمسا بۆ چەندین یانەی وڵاتانی ئەوروپی یاریی کردوە، ئەم وەرزە لە ریزی یانەی (SV Würmla) پلە چواری وڵاتی نەمسا یاری دەکات، لە قۆناخی یەکەمی خولەکە ئەم یاریزانە کوردە خاوەن ئاستێکی بەرز بووە لەگەڵ یانە نەمساوییەکە، لە کۆی ١٣٣ یاری یانەکەش ئەو تەنیا لە ١٢ یاری بەشداری کردووە و خاوەنی (١٠) گۆڵە لە ریزبەندی گۆڵکارانی خولەکەش لە پلەی دووەم دێت. وەکگ خۆی باسی کرد، دەیەوێت ئەم وەرزە ئەنجامێکی گەورە لەگەڵ یانەکەی بەدەست بهێنێت، لەم بارەشەوە رۆژگار زرار بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ بە فەرمی لەگەڵ یانەی (SV Würmla)ی وڵاتی نەمسا یاری دەکەم، هەرچەندە یانەکە پلە چوارە، بەڵام زۆر خۆشحاڵم لە ریزی ئەو یانەیەم و ئەمساڵیش ١٠ گۆڵم لە قۆناخی یەکەم تۆمار کردووە و گۆڵکاری یانەکەم، بەڵام بۆ قۆناخی دووەم هەوڵی ئەنجامی باشتر دەدەم»، لەبارەی داواکردنی لە یانەکانیش گوتی: «لە چەندین یانەی پلە دوو و پلە سێ گرێبەستم پێشکەش کراوە، حەز ناکەم بەهۆی گرێبەستی باشتر بە نیوەچڵی یانەکەم جێبهێڵم، دەمەوێ ئەمساڵ تەواو بکەم و گرێبەستێکی باشم پێ دەدەن، یانەکەش دەیەوێت سەرکەوێت بۆ پلە سێ، ئەم قۆناخەش سەختە، بەڵام ئامانجی من و یاریزانان سەرکەوتنە بۆ خولی پلە سێ، وەکو یاریزانێکی کوردیش دەمەوێت جێگام دیار بێت و بتوانم ناوی خۆم و کوردستانیش بەرز بکەمەوە، ئەوەی راستی بێت، یانەکەش وەکو یاریزانێکی کورد گرنگیی زۆر بە توانای من دەدات و هیچ کێشە و گرفتێکم لەگەڵ ئەو یانەیە نییە و زۆریش ئاسوودەم، ئامانجی منیش خزمەتکردنی وەرزشە تا بتوانم باشترین ئاست پێشکەش بکەم.»

# بیست هەڵبژاردە سەرکەوتن بۆ پاڵەوانێتی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا ٢٠٢٠





### کۆمەڵەی یەکەم

لەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (ئینگلتەرە، چیک) دوو بلیتی ئەم کۆمەڵەیان مسۆگەر کرد.

ڕیزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیە:

١-ئینگلتەرە ٢١ خاڵ
٢-چیک ١٥ خاڵ
٣- کۆسۆڤۆ ١١ خاڵ
٤-بولگاریا ٦ خاڵ
٥- مۆنتینگرۆ ٣ خاڵ

### کۆمەڵەی دووەم

لەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (ئوکرانیا، پورتوگال) دوو بلیتی ئەم کۆمەڵەیان مسۆگەر کرد.

ڕیزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیە:

١-ئۆکرانیا ٢٠ خاڵ
٢- پورتوگال ١٧ خاڵ
٣- سربیا ١٤ خاڵ
٤- لۆکسمبۆرگ ٤ خاڵ
٥- لیتوانیا ١ خاڵ




بەبۆنەی تێپەربوونی شەست ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتی تۆپی ئەوروپا، یەکێتییەکە بریاری دا جامی نەتەوەکانی ئەوروپای ٢٠٢٠ لە ١٢ شاری ئەوروپا ئەنجام بدرێت بە بەشداریکردنی (٢٤) هەڵبژاردە.

هەریەکە لە شارەکانی (میونیخ ئەڵمانیا، رۆما ئیتاڵیا، باکۆ ئازربایجان، ئەمستردام هۆڵەندە، بۆخارست رۆمانیا، سانت بترسبۆرگ رووسیا، کۆپنهاگن دانیمارک، لەندەن بەریتانیا، گلاسکۆ ئوسکتلندە، بلباو ئیسپانیا، دبلن کۆماری ئێرلەندە، بۆدابست هەنگاریا).

دوای سەرکەوتنی بیست هەڵبژاردە بەفەرمی (١٢) هەڵبژاردە رکابەری لەسەر (٤) بلیتی کۆتایی دەکەن لە رێگەی یارییەکانی پاشکۆ. کۆمەڵەکان بەمشێوەیە بوو:

ئا: رێبین رەمزی



## کۆمەڵەی سێیەم

لەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (ئەڵمانیا، هۆڵەندە) دوو بلیتی ئەم کۆمەڵەیان مسۆگەر کرد.

ریزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشیوەیە:

١-ئەڵمانیا ٢١ خاڵ

٢- هۆڵەندە ١٨ خاڵ

٣-ئێرلەندەی باکوور ١٣ خاڵ

٤- رووسیای سپی ٤ خاڵ

٥- ئیستۆنیا ١ خاڵ



## کۆمەڵەی چوارەم

لەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (سویسرا، دانیمارک) دوو بلیتی ئەم کۆمەڵەیان مسۆگەر کرد.

ریزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشیوەیە:

١-سویسرا ١٧ خاڵ

٢-دانیمارک ١٦ خاڵ

٣-کۆماری ئێرلەندا ١٣ خاڵ

٤- جۆرجیا ٨ خاڵ

٥- جبل تاریق سفر خاڵ



## کۆمەڵەی پێنجەم

لەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (کرواتیا، وێلز) دوو بلیتی ئەم کۆمەڵەیان مسۆگەر کرد.

ریزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشیوەیە:

١- کرواتیا ١٧ خاڵ

٢- وێلز ١٤ خاڵ

٣- سلۆفاکیا ١٣ خاڵ

٤- هەنگاریا ١٢ خاڵ

٥- ئازربایینجان ١ خاڵ



## کۆمەڵەی شەشەم

لەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (ئیسپانیا، سوید) دوو بلیتی ئەم کۆمەڵەیان مسۆگەر کرد.

ریزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشیوەیە:

١- ئیسپانیا ٢٦ خاڵ

٢- سوید ٢١ خاڵ

٣- نەرویج ١٧ خاڵ

٤- رۆمانیا ١٤ خاڵ

٥- مالْتا ٣ خاڵ

٦- دوورگەکانی فارۆ ٣ خاڵ



## کۆمەڵەی حەفتەم

لەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی ( پۆڵەندە، نەمسا ) دوو بلیتی ئەم کۆمەڵەیان مسۆگەر کرد.
ریزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشیوەیە:
١-پۆڵەندە ٢٥ خاڵ
٢- نەمسا ١٩ خاڵ
٣- سلۆڤینیا ١٤ خاڵ
٤-مقدۆنیا باکوور ١٤ خاڵ
٥- ئیسرائیل ١١ خاڵ
٦- لاتفیا ٣ خاڵ



## کۆمەڵەی هەشتەم

لەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی ( فەرەنسا، تورکیا ) دوو بلیتی ئەم کۆمەڵەیان مسۆگەر کرد.
ریزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشیوەیە:
١-فەرەنسا ٢٥ خاڵ
٢- تورکیا ٢٣ خاڵ
٣- ئیسلەندە ١٩ خاڵ
٤- ئەلبانیا ١٣ خاڵ
٥- ئەندۆرا ٤ خاڵ
٦- مۆڵدۆڤا ٣ خاڵ



## کۆمەڵەی نۆیەم

لەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی ( بەلژیکا، رووسیا ) دوو بلیتی ئەم کۆمەڵەیان مسۆگەر کرد.
ریزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشیوەیە
١-بەلژیکا ٣٠ خاڵ
٢- رووسیا ٢٤ خاڵ
٣- ئوسکوتلەندە ١٥ خاڵ
٤- کازخستان ١٠ خاڵ
٥- قوبرس ١٠ خاڵ
٦- سان مارینۆ سفر خاڵ



## کۆمەڵەی دەیەم

لەم کۆمەڵەیە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی ( ئیتاڵیا، فنلندە) دوو بلیتی ئەم کۆمەڵەیان مسۆگەر کرد.
ریزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشیوەیە
١- ئیتاڵیا ٣٠ خاڵ
٢- فنلندە ١٨ خاڵ
٣- یۆنان ١٤ خاڵ
٤- بۆسنە و هێرسک ١٣خاڵ
٥-ئەرمینیا ١٠ خاڵ
٦-لیشتنشتاین ٢ خاڵ

وا بریارە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (ئیسلەندە، سلۆڤاکیا، ئێرلەندەی باکوور، نەرویج، جۆرجیا، کۆسۆڤۆ، بولگاریا، رۆمانیا، بۆسنە و هێرسک، کۆماری ئێرلەندە، ئوسکتلندە، سربیا، مقدۆنیای باکوور، رووسیای سپی، هەنگاریا، ئیسرائیل) رکابەری لەسەر (٤) بلیتی کۆتایی بکەن تا ژمارەی هەڵبژاردە بەشداربووەکان ببێتە (٢٤) هەڵبژاردە.